# بڕیارنامەی هەردوو کۆڕی زانستیی فێرکردنی زمانی کوردی
# لە کوردستانی ئێران و، کۆڕی زانیاریی کوردستانی عێراق، هەولێر

**بەناوی خوای مەزن**

لەمەودای سێ کۆبوونەوەی تەسەل و بەهێز و پێزی ئەندامانی هەردوو کۆڕی زانستیی فێرکردنی زمانی کوردی لە کوردستانی ئێران و کۆڕی زانیاریی کوردستانی عێراق لەهەولێر، پایتەختی فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستان، لە سەر ئەم خاڵانەی خوارەوە وتووێژکرا:

١- چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەی لە ڕێنووسی زمانی کوردیدا ماوەو، پەسندکردنی خاڵبەندییەکی ستانداردی زانستییانە.

٢- بەرهەم هێنانی ڕێزمانێکی گشتی بە دەبەر چاوگرتنی هەر پێنج زاری کوردی.

٣- دانانی فەرهەنگێکی کوردی- کوردی بەپێی نوێترین شێوازی ئەوڕۆی فەرهەنگدانان لەجیهاندا.

٤- دانان و داڕشتنی زاراوەی پێویست لە هەموو بوارێکی زانستی و فەلسەفی وهونەریدا لە سەر کرو تەونی زمانی کوردی بۆ خەملاندن و گەشەپێدانی لە ئاستی زمانە پێشکەوتووەکاندا.

٥- تەلاش و چالاکیی بێ پسانەوە بۆ گەیشتن بە زمانی ستانداردی کورد وەک پێداویستییەکی نەتەوەیی.

٦- زیندووکردنەوەو پاراستنی بنەماو ماکەکانی زمانی کوردی بەهەر پێنج زارەکەیەوە لەرووی زماناسییەوە.

٧- کۆکردنەوەی کەلەپووری زارەکی و نقیساری زمانی کوردی هەموو ناوچەکانی کوردستان بە هەر زاراوەو، شێوە ئاخاوتنێکەوە کە هەیانە.

لە کۆتایی بەرنامەی پێشنیازکراو و دانیشتنەکاندا بڕیارنامەی خوارەوە پەسند کرا:

١- هەردووک کۆڕ لە لێکۆڵینەوەی ڕێنووس، زمانناسی، مێژووی زمان، بەراوردکاریی شێوە زار ناسی، زاراوەناسی و هەر تەلاشێکی دیکەو خەملاندنی زمانی کوردی، بەرپرس دەبن.

٢- هەردووک لەکاری فەرهەنگدانانەدا سوود لە ئەزموونی یەکدی وەردەگرن.

٣- هەردووک کۆڕ دە بواری کەلەپوور خڕکردنەوەدا، چ زارەکیو چ نقیساری، سوود لە بەرهەمی کارو چالاکی یەکدی وەردەگرن.

٤- لە زاراوە داڕشتن و وشەڕۆناندا لە هەموو زارە دەوڵەمەندو جۆراوجۆرەکانی زمانی کوردی کەلک وەردەگرن و، ئەرکەکانی ئەم بەستێنە بە هاوکاری رادەپەڕێنن.

٥- لە بواری کۆکردنەوەو بڵاوکردنەوەو ئەرشیف کردنی دەست نووس و بەڵگەنامەی سەر بە زمان، ئەدەبیات، مێژوو.. هتد لە ئەزموونی یەکدی کەڵک وەردەگرن.

٦- دەگەڵ سەر لە بەری دەزگا زانستی و ڕۆشنبیرییەکانی هەندەراندا بە مەبەستی گەیشتن بەو سەرچاوانە کە کۆکراونەتەوە، بەتایبەتی لە بەشی ڕۆژهەڵاتناسیدا هاوکاری هەراو دەکرێن.

٧- بایەخی گەورە بە وەرگێرانی شاکارە ئەدەبی و هونەری و دەقە فەلسەفی و زانستییەکان دەدرێن.

٨- هەوڵدان بۆ چاوپێکەوتن و دیداری زۆرتر لە هەر لایەک بۆ ئاڵوگۆڕی هەراوتری بیروڕاو راپەڕاندنی چالاکییەکان.

Digitally signed by www.kurdistannet.org
cn=www.kurdistannet.org,
ou=www.kurdistannet.org, o=Kurdistan Net, c=NL
Date: 2002.08.10 23:00:27 +01'00'
Reason: <none>
Kurdistan Net Neti Hemwane